www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:33 17-2-2006

# سەربرینی مەریوان هەلەبجەیی!! ... هێڤار

ڕانیە

ماوەی چەند مانگێك دەبێت کە (مەریوان هەڵەبجەیی) کتێبێکی بە ناوی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) نوسیوە کە پشت دەبەستێت بە کۆمەلێك بەڵگەی مێژوویی ناو دەقە ئاسمانیەکان، بە شێویەکی گشتی و ژیانی پەیامبەران و پێغەمبەری ئیسلامیش بە تایبەتی، وە لە سۆنگەی سێکس، شەرع، ژن، کۆمەلێك شتی پڤە کراو باس دەکات، کە تێدا شارستانیەتی ئیسلامی بە تایبەتی و بەڵگە مێژوویەکانی تری دین بە شێوەیەکی گشتی دێنیتە سەر باس، وە پێش نوسینی ئەم کتێبەش بە ماوەیەکی زۆر چەند کۆڕ و سیمینارێکی ڕۆشنبیری لەسەر هەمان بابەت ساز داوە بە تایبەتیش لە شاری ڕانیە کە 2 کۆڕی ڕۆشنبیری لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکە ئەنجام




داوە، کە تیدا گفتوگۆ و دیالۆگیکی زۆر بەرفراوان لەسەر تەوەرەکانی بابەتەکە ئەنجام دراوە بە شێوازێکی زۆر دیموکراتیش تا درەنگانی شەو گفتوگۆ بەردەوام بوە بی ئەوەی هیچ لە مەسەلەکە گۆرابێت، پێش ئەوەش نوسەری ئەم کتیبە وەك لە دوا لاپەرەی کتێبێکی دا هاتوە، بە ناوی خۆی یان بە ناوی خوازراو، چەند کتیبێکی تری لەسەر دینە ئاسمانیەکان بە شێوەیکی گشتی و ئاینی ئیسلام و مێژووی ئیسلام بە تایبەتی نوسیوە وەك (خۆێننامە، دەروازیەك بە رووی ئاینە ئاسمانیەکان) و.. هتد بەڵام ئەوەی جیگای سەرنج و تیرامانە دوای چەند مانگ بەسەر دەرچوونی ئەم کتیبە تازە بە تازە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دێت و ئەم مەسەلە دەقۆزیتەوە و دەیکاتە هات و هاوار و بە تایبەتیش دوای مەسەلەی کاریکاتیرەکانی رۆژنامەیەکی دانیماریك کە بە هەلومەرجێکی سیاسی قۆزتراوەتەوە و لە چەندین وولآت و شوینی لێك جیا جیا کراوەتە مایەی توندو تیژی. ئەمەش وەك ڕەوتێکی جیهانی ئاینیانەی سەلەفی کە دەیەوێت لەگەڵ باهۆزی ئەم سەردەمەی جیهانگیریەی کە رایەڵەکانی بە خێرایی تێدەپەرێت، وە لە ناو سیاسەتی تازەی دنیا بۆ رووبەربونەوەی دژە تیرۆر و هەوڵی هەلایەنە بۆ شکاندنی بەستەڵەکەکانی بواری فکر و سیاسی و کۆمەلآیەتی رۆژهەلآتی ناوەراست، کە هەمیشە بە ناوی دین و کەلتوور و خێل و بنەماڵە و... هتد پیرۆزیەکانی خۆی دادەتاشێت، لێرەوەش ڕەوتی سیاسی دینی دێت و بە چەندین فۆرمی لێك جیا جیا دیەوێت خۆی نوی بکاتەوە بەداخەوە لە چەند ساڵی رابردووش، سەربرین و تیرۆر کە لە تۆرپکی شەرانگێزی و درندەین دەبێتە ئامرازی یەکەمی ئەم ڕەوتە سیاسیانە، زەق بوونەوەی کاریکاتێرەکانی رۆژنامەیەکی دانیمارك بەم شێوەیەی کە بینرا سادەترین بەڵگەیە لە لایەك بۆ هەزم نەکردنی ئازادی واقیعی ئیستا و لە لایەکی تریش هەولێکە بو دووبارە خۆ نمایش کردنەوەی هامان ڕەوت لە دنیادا. کە بە ناوی شکانی پیرۆزیەکان خۆی نوی دەکاتەوە لە کاتێکدا میدیا لە وولآتی ئەوروپا بە شیوازیکی گشتی خاوەنی ئازادی خۆیەتی، بونی چەند کاریکاتیرێك لە رۆژنامەو گۆڤارێکدا گوزارش لە سیاسەتی رۆژنامەیەك دەکات نەك دەوڵەتێك. کە بە داخەوە ئەوان ئەو واقیعە هەزم ناکەن لە کاتێکدا ئەمە بریتیشە لە سادەترین بنەماکانی دیموکراتی.



سەلەفیەتی ئیسلامیش لە کوردستان لەم دەروازەیەوە مەسەلەی کتیبەکەی (مەریوان هەلەبجەیی) دەورژییێنێتەوە و بە و ئاقارەی لەم هەلومەرجە سوود وەرگرێت و هەمان بزاوتی توندو تیژی بە ناوی (سوکایەتی کردن بە پێغەمبەری خوا) بهێنێتە ناو کوردستانە وە. لە کاتێکدا ئەگەر قسە کردن لەسەر ئەم کتیب و بڵاو کراوانە بێت کە بە پێچەوانەی گوتاری ئیسلامی نوسراون یان باسیان لە شتە پڤە کراوکانی ناو دەق و مێژوی ئیسلامی کردبێت بە تایبەتیش لەسەر پیغەمبەری ئیسلام و یان دینی ئیسلام بە هەموو تێکست و مێژوو و کەسایەتیەکانیەوە، ئەوا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو چەندین بابەت و کتێبی هەمەجۆر بڵاو کراوەتەوە یان وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی کە زۆرتر لەوە دەدوێت و هەموو ئەو بنەمایانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام پرسیار لەوەیە بۆچی لەم کاتەی ئیستا و دوای ماوەیەکی زۆریش بەسەر دەرچوونی ئەم کتیبەدا تازە بە تازە ئەم مەسەلە دەوروژێنرێتەوە و دەکرێتە مایەی هەرەشە و گورەشە و بە ناوی سەکایەتی کردن بە دینەوە فتوای سەربرینی بۆ دەدرێت؟ ئەوەتا نوسەرێکی ئیسلامی وەك (سۆران عومەر) دەنوسێت (هەرچەندە لە دادگا شکاتی لێ کراوە بەڵام ئەوە کافی نیە دەبێت بکرێتە عیبرەت، پێویستە بە ئاو بسوتێنرێت، وەك مریشکی توشبوو بە ئەنفلۆنزا دابشۆردرێت و لە قور بنرێت) بی ئەوەی ئەم بەرێزە و هاوشێوەکانی بیر لە وولامێکی مەنتیقیانە بۆ کتێبەکە بکەنەوە، ئەم شێوازە توندو تیژ و تیرۆرە کە هیچ لە مسەلەکە ناگۆریت، بە تای ئەوەی لاوازی رەوتی ئیسلامی دەردەخات، کوشتنی عەبدالخالق مەعروف ماهیەتی کتیبەکەی لاواز نەکرد کە بە ڵگەی ناو تێکست و حەدیسەکانەوە دەدوا، فەتوای کوشتنی عەلی فودە و راوەدونانی نسریە تسلیم و سلمان روشدی و... هتد هیچی لە بیر و رای نوسەرەکان و ماهیەتی کتێبەکان نەگۆری بەڵکو بەهێز تری کردن و ئەوان بونە نمونەیەك بۆ خەڵکی ئازا و بوێر و بە هەڵویست، لە راستیدا

ئەوەی لە مێژوودا دەمێنێتەوە شەرمەزارییە بۆ ئەوانەی کە هەمیشە بیر لە کوشتن و سەربرین و راوەدونان تۆقاندن دەکەنەوە بە پێچەوانەوە ئەگەر کتێبەکان بە سێکس و شەرع و ژنیشەوە ئەگەر ناراستن، بەم شێوەیەی کە ئێوە لەبەرامبەری گەرم داهاتون، دەکرێت وولام بدرێتەوە. ئەوەتا مەریوان هەڵەبجەیی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی چاودێر ژمارە 65 لە 2005/2/13 دەلێت (کتێبەکەم رەوانەی گەورەترین وزانکۆی شەریعەتی ئیسلام بکەن بزانن جگە لە راستی هیچی دیکەم گوتووە؟؟ دەی ئێوەش ئەگەر راست دەکەن وەرن بە بە ڵگەوە وولامی ئەم قسەیەی بدەنەوە بە کتێبێك ئەم ئایەت و حەدیسانە راست کەنەوە کە لە کتێبەکەدا هاتون مەسەلەی پیرۆزی چیە جگە لە تەقدیس کردنێکی بی مانا نەبێت؟ کانت ووتەیەکی جوانی هەیە کە دەلێت (سەردەمی ئێمە سەردەمی رەخنە لێگرتنە هەموو شتێك دەبێت قابیلی رەخنە لێگرتن بێت) ئەم ووتەیە ئەگەر لە سەردەم و زەمانێکدا هاتبێت کە سەرەتای وەرچەرخانێکی نوێی مرۆڤایەتی بێت، کە رەخنە دەکاتە دەستپێکێك بۆ عەقلی نوی و ژیانی نوێ و شرۆڤەی نوی و سەرەتای قۆناغێکی درەوشاوەی رێنیسانس، کە دوا جار هەموو شتێك دەکەوێتە ژێر نەشتەری رەخنەو گومانەوە، ئەوا ئەم میتۆدە هەمیشە خاوەنی روحێکی زیندوە کە رەخنە دەبێت لەسەرووی هەموو پیرۆزیەکەوە بێت.

ئیسلامی سیاسی هەمیشە لەو حاڵەتانە باشتر شوناسی خۆی وەدەردەخات کە لە کەمترین حاڵدا خستنە رووی ناوەرۆکی تێکستەکان و قسە کردن لەسەر پیرۆزیەکانی نەك هەر رەت دەکاتەوە بەڵکو بە چەمکی سەربرین و تۆقاندن دیتە گۆ. کتیبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی بەشێکە لەو رەوتەی کە دەیەوێت سنووری ئەم قەدەعانە بشکێنێت. لە راستیشدا کەسێك کە لە جەهەنەمەکەی خوا نەترسێت و کەی لە توقاندنی کەسانێك سڵ دەکاتەوە کە جگە لە سەربرین مانایەکی تر بۆ دیالۆگ نازانن؟